## نەوەی نوێ و کاریگەریەکانی

## ئەوەی لەسەریان ئەوترێت , ئەوەی دەبوایە بیانکردایە و نەیانکرد



**محمد حسين**
muhemedhusen@yahoo.com

کێشەکانی گەنج و ئەو تورەییەی ئەمرۆ نەوەی نوێی گرتۆتەوە دیاردەیەکی گەورەی ئاڵۆزی ئەمرۆی کۆمەڵگای کوردیە . هێشتا کۆمەڵگای ئێمە ڕانەهاتووە بەم جۆرەی ئێستای ململانێی نەوە کان ببینێت , ئەوانەی دەکرێت ئەمرۆ بەنەوەی باوکەکان ناودێریان بکەین بەتەواوی توشی شۆکی ئەم گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی و کولتوریە بوون , ئەم بێداربونەوەی لاوان بۆئەوان شتێکی چاوەڕواننەکراو بوو , ئەوان لەگوێڕایەڵی ساڵانی نەوەتەکانی سەدەیی ڕابردووە یەکسەر توشی ئەم لاساری و یاخی بونەی گەنجان بوون , هەربۆیە ئەوەی تێبینی ئەکرێت لەهەڵسوکەوتی نەوەی باوکەکان لەگەڵ ئەم دیاردە تازەدا ئەوەیە کە تائێستا نەیانتوانیوە زمانێك بۆ گفتوگۆی عەقلانیانەی ئەم نەوە تورە بدۆزنەوە . ئەوەی تا ئێستا عەقڵیان پێی شکابێت ئەوەیە بە کەلەگەرمی و حەماسەتەوە داوای جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان لێئەکەن , یان ئەیانەوێت ئەو فۆبیایان لادروست بکەن کەوا هەمیشە تیرۆریستە ئیسلامیەکان و شۆڤێنیەتی عەرەب و هەمەجیەتی شیعە توندڕەوەکان شمشێرەکانیان لێ ڕاستکردوینەتەوەو نابێت گوێڕایەڵی ئەوان فەرامۆشکەین , ئەگینا گورگی ئەم هێزە تاریکانە ئەمانخوات .

لەرۆشنبیری کوردیدا بەردەوام قسە لە ڕۆڵ و کاریگەری لاوان ئەکرێت وەك هێزێکی کاریگەر بۆئەو گۆڕانە کولتوریو سیاسی وکۆمەڵایەتیانەی کە هەمیشە خەونی پێوە ئەبینین ,هەمیشە وەك بزوێنەری مێژوو , بزاوتی کۆمەڵایەتی بۆپرۆژەی گۆڕان , پیاوی دوارۆژی کۆمەڵ و ...هتد وەسف ئەکرێن . بەڵام بەرلەوەی بێینە سەر ئیشکالیەتە لۆژیکیەکانی ئەم زمانە وەسفیە و ڕادەی ناڕاستگۆیی نیشان دەین باپرسین , ئێمە تاچەند لەو بەشەگەورەی کۆمەڵگا تێگەیشتوین کەبەگەنج ناسراون , ئەو ئاڵۆزیانەی ژیان وتایبەتمەندیەکانی قۆناخی تەمەنی ئەم توێژەی کۆمەڵی تەنیوە بەچ زمانێك گفتوگۆی لەگەڵ کراوە . ئایا وێنەی گەنج لەو کاتانەی کەبە هەرزەکار ناو ئەبرێت لەخەیاڵگەی مرۆڤی ئێمەدا وێنەیەکی دروستە ؟ یان کاتی ئەوە هاتووە دەستکاری ئەو تێگەیشتنە هەڵانە بکەین کەبۆهەرزەکار هەمانەو بکەوینە گفتوگۆوە لەگەڵ لاواندا وەك ئەوەی کە خۆیان هەن , نەك وەك ئەو وێنە شێواوەیان کەلەخەیاڵگەو عەقڵیەتی نەوەکانی پێشتردا بۆیان دروستکراوە . یەکەم پێشمەرج بۆگفتوگۆیەکی دروست لەسەر کێشەی لاو لەپیاچونەوەی ئەو تێگەیشتنە پێشوەختانەدایە کەعەقڵیەتی سونەتی کۆمەڵ بۆی بەرهەم هێناوین , لەئامادەیی ماندایە بۆتێگەیشتن و گفتوگۆکردنیان وەك توێژێکی دیاری کۆمەڵ کەخاوەن کۆمەڵێك تایبەتمەندی خۆیانن و پێویست نیە وەك باوکیان وابن , بەڵکو لۆژیك ئەوەیە لەهەمووڵایەنە کولتوری و کۆمەڵایەتیەکانیەوە جیاوازبێت , تەنها ئاماژەیەکیش بۆزیندویەتی گەنجێك توانایەتی لەبەرهەمهێنانی ئەم جیاوازیانەدا وەك بەڵگەیەك بۆئەوەی کەئەو لەرۆژگارەکەی خۆیدا ئەژی نەك لەوەهمەکانی زەمەنیبابو باپیری .

★★★

بۆ دیاری کردنی ئەو ماوەی تەمەن کەگەنجێتی پێ ئەوترێت , یان دیاردەی گەنجێتی وەك ئەزمونێکی تایبەتی ژیان , دوو بۆچونی جیاواز هەیە .

یەکەمیان گەنج بون لەڕووە بایۆلۆژیەکەیەوە ئەبینێت و تەمەنێکی دیاریکراو ناو ئەنێت گەنج .( بۆنمونە 15 ساڵ تا 30ساڵ ..) بەپێی ئەم لۆژیکە ژیان لەو ماوەی تەمەنەدا گەنجێتیە , ئیتر بەبێ لەبەر چاوگرتنی چیەتی ئەو گەنجێتیە , یان وشیاربوون بەو گەنجێتیە وەك ئینتما بۆسەردەمێکی جیاواز لەسەر دەمی باوك و نەوەکانی پێشوتر . بەپێی ئەم لۆژیکەگەنج بوون چەند گۆڕانکاریەکی

جەستەیی و قۆناخێکی دیاری کراوی تەمەنە , کە مەرج نیە هەموجارێك ئەم ماوەی تەمەنەو ئەم گۆڕانکاریە جەستەییانە گۆڕانی عەقڵی و هۆشیاری بەدوادابێت .

بۆچونی دووەم پێی وایە گەنج بون کورت نابێتەوە بۆتەمەنێکی دیاری کراو ,بەڵکو پێویستە هۆشیاریەکی گەنجانە هەبێت کە ناوبڕێك ( فاصلە ) دروست بکات لەگەڵ عەقڵیەتی نەوەکانی پێشتر , یان جیاوازیەك دروست بکات کە شێوازی ژیانی ئەمڕۆی گەنج جیابکاتەوە لەنەوەکانی پێشتر .بەپێی ئەم بۆچونە ئەوە جۆری بیرکردنەوەو خەیاڵ وکولتورێکی جیاوازە لەکولتوری باوکەکان شوناسی گەنجی پێ دیاری ئەکرێت , هۆشیاریەکی گەنجانە ئەوە دیاری ئەکات کەی گەنجێتی خۆت ئەژیت وکەی نەتتوانیوە ببیتە هەڵگری ئەو خەسڵەتانەی کەدەشێت لەتایبەتمەندیەکانی گەنجێتی بێت . ئەم دووبۆچونە پێکەوە دەکرێت پێناسەیەکی گونجاوی گەنج بونمان بداتێ , بێگومان بەکارهێنانی هەر یەکەشیان بەجیا لەوی تریان توشی کێشەی سادەگۆیی وهەڵەبینینمان دەکات بەرامبەر دیاردەیەك کە بەڕاستی وردبینیەکی لەوە زیاتری ئەوێت . نەتەمەنێکی لاوێتی بێ عەقڵیەتێکی تازەگەر و خەیاڵ وبیرکردنەوەیەکی سەردەمانە ئەتوانێت گەنج بێت پڕبە بەمانای وشەکە , نەتازەگەر بونیش بەتەنها گەنجێتیە . هەم پێویستە ئاستێکی دیاریکراوی تەمەنمان هەبێت , هەم جۆرێکی تایبەتی هۆشیاری و کولتورمان پێویستە کەدەکرێت ناوی بنێین (( کولتوری گەنجانە )) و لەوانەیە لەهەموو سەردەمەکاندا کەم وزۆر ئامادەیی خۆی هەبێت , هەربۆیە قسەکردن لەسەر توێژەکانی کۆمەڵ و پۆلێن کردن و دەستنیشان کردنی جیاوازی نەوەکان مەحاڵە بەبێ لەبەر چاوگرتنی ئاستەکانی تەمەن وەك پێوەرێك بۆپۆلێن کردن . هەروەها ناکرێت گەنج بونیش کورت بکرێتەوە بۆچەند خەسڵەتێکی بایۆلۆجی وچەند ساڵێکی تەمەن کە زۆرجار کولتورو عەقڵیەتێکی گەنجانەیان لەپشتەوە نیە .

** **

دیارە وەك زۆر بواری تر ڕۆشنبیری کوردی لەبواری لاوان و کێشەکانی لاو یێتی لەهەژاریەکی سەختدایە . زۆر بەدەگمەن کتێبێك یان لێکۆڵینەوەیەکی جدیت دەست ئەکەوێت لەم بوارەدا .لەو جێگایانەیش شتێکی لەسەر نوسرابێت بەڕاستی ناچێتە چوارچێوەی ئەو نوسینانەی کەبشێت وەك سەرچاوەیەکی زانستی کەڵکی لێوەر بگیرێت .هەربۆیە کارکردن لەسەر کێشەیەکی وەها توشی گرفتی بێسەرچاوەی و نەبونی ئاماری زانستیانە ئەبێت لەبواری هەمو ئەو گرفتانەی کەدەکرێت ئەمڕۆ وەك کێشەکانی گەنج لەکۆمەڵگای خۆماندا ناوی بەرین . گەرلەم ئیشکالیەتی دیاری کردن وپۆلێن کردنە دەرچین , یەکەم ڕاستی سەرەتایی کە دەکەوێتە بەردەممان فراوانی وئامادەیی ئەم توێژە یە لەکوردستاندا , بەتایبەتی ئەوکاتانەی پێوەری تەمەن دەکرێتە یەکێك لەپێوەرەکانی دەست نیشان کردنی گەنج . سروشتی کۆمەڵگای کوردی وەك هەمو کۆمەڵگاکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەهایە کە توانای گەشەکردنی دیمۆگرافی زۆر زیاترە لەئاستی گەشەکردنێکی ئاسایی . ڕاستە ئامارێکی وردی زانستیمان لانیە لەم ڕووەوە بەڵام ئەو گەشە کردنە کوتوپڕەی شارەکان شاهدی ئەم ڕاستیەیە . ئەم تایبەتمەندیەش وای کردووە زۆربەی دانیشتوانی ئەم وڵاتانە (( بەکوردستانیشەوە )) لەگەنجان پێك بێت , سەرەڕای ئەو ژمارە زۆرەیان لەشەڕو کێشەسیاسیەکانی ناو چەکەدا ئەکوژرێن , هەمیشە ژمارەی دانیشتوانی ئەو کۆمەڵگانە بەخێرایی زیاد ئەکات کەهیچ سنورێك بۆ وەچە خستنەوە دانانێن , ئەنجامێکی سروشتی ئەو واقعەیش ئەوەیە کەنەوە نوێکان ڕێژەیان زۆر لەنەوەکانی پێشو زیاتر ئەبێت . هەربۆیە بەگوێرەی ئەم فاکتانە ئەتوانین بڵێین زۆربەی دانیشتوانی کوردستان لەو ئاستەی تەمەندان کەبەگەنجێتی ناسراوە .

ئێستا بابپرسین توێژی فراوانی گەنجی کورد لەکوێن ؟ بەچیەوە خەریکن ؟کامە پرۆژەو چالاکی گەنجانەیانە ؟کامە زمانی گفتوگۆو دواندنی نەوەی باوکەکانیانە ؟ کامە داهێنان وشوێن دەستی دیاریانە ؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە زۆر ڕوی کێشەکانمان نیشان ئەدات , بەڵام باپێش ئەوەی بکەوینە گفتوگۆی ئەم پرسیارانە بزانین ئەو زەمینە کۆمەڵایەتی وسیاسیی وئابوری و کولتوریەی گەنجی کوردی تیا دروست بووە چیمان نیشان ئەدات .

هەمووجارێك کەقسە لەسەر لاوان ئەکرێت زمانێکی گەشبینی پۆزەتیڤ ئەکەوێتە پیاهەڵدان وگرنگ نیشان دانی ڕۆڵ و کاریگەری وتوانای داهێنەرانەی لاوان . تائەو ڕادەیەی ئەم جۆرە پیاهەڵدانە کلێشەیەکی وەرگرتوەو مەحاڵە جارێك لەبیر بچێت و دوبارە نەکرێتەوە , لەوتاری سیاسیەکەوە ,بۆ بۆچونی ڕۆژنامەنوسێك , لەپڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکانەوە تائەگاتە کۆنفراسی ئەو ڕێکخراوانەی لاوان کەحیزبەکان دروستی کردوون .کەس لاری لەوە لەوە نیە ئەوانەی ئەمڕۆ نەوەی نوێ پێك دێنن پیاوانی دوارۆژی کۆمەڵگان و داینەمۆی هەموو ئەو گۆڕانکاریانەن گەر هیوایەکمان بەڕودانی مابێت لەم وڵاتەدا . بەڵام بابپرسین ئایا ئەم پیاهەڵدانانە ڕاستن ؟ یان هەر ڕوپایکردنێکە وەك ئەو هەموو پەخشان بێژیەی ڕۆژانە لەبۆنە جیاوازەکاندا مرۆڤی کورد خەرجی ئەکات . بەڕاست ئەبێت

باوکەکانی کۆمەڵگای ئێمە بڕوایان بەوە هەبێت ئەوە لاوانی کوردە دوارۆژی ئەم وڵاتە دروست ئەکەن !؟ گەر لەکۆمەڵگای کوردیدا بڕوایەکی واهەیە بۆچی ئەمڕۆ لاوان لەهەمو کایەکانی کۆمەڵگادا دەست بەدەر کراون ؟ دواجار نەوەیەك چۆن ئەتوانێت پیاوی داهێنەرو خاوەن کاریگەری و بەرسیارێتی دوارۆژ بێت گەر تۆ لەئەمڕۆدا لەهەموو شتێك بێبەشت کردبێت .

گەر تەماشا کەین لەهەمو ئاستەکانی دەسلاتدا , دەسلاتی کۆمەلایەتی , دەسلاتی سیاسی , ئابوری , ئاینی , دامەزراوەکان بەهەردو کەرتی حکومی ومەدەنیەوە لاوان ڕۆلێکی تەواو پاسیف وناکارایان هەیە , گەر تاکوتەرایش لاوێك لێرەو لەوێ نزیك بوبێتەوە لەم دەسلاتانە ئەوا وەك پێشمەرجێك پێویست بووە واز لەکارەکتەرو تایبەتمەندیەکانی گەنج بونی خۆی بهێنێت ئەوسا توانیویەتی لێیان بەهرەمەندبێت . ئەم دەزگانە لاوێکیان قبوڵ نەکردووە تاوەکو پێش وەخت لاوێتیان تیرۆر نەکردبێت . حکایەتی زۆر گەنجمان لەبەر دەستدایە بۆئەوەی کورسیەکی ناو یەکێك لەم دەزگانەیان دەست کەوێت هەمو ئەو سروتانەی نەوە کۆنەکانیان جێ بەجێ کردووە کەزیاتر لەنیو سەدەیە تۆزی نەگۆڕانی لێنیشتوە , هەر لەبەرزکردنەوەی وێنەی سەرۆکەوە تائەگاتە ملکەچی کوێرانەی حیزب و تەسلیم بون بەداب ونەریتە کانی ئیدارەکردنی بیرۆکراتیانەو ئەو هەموو گەندەڵیانەی کە هەمو لایەکمان هاوارمانە لەدەستی .

لەبارو دۆخێکی وەهادا نابێت چاوەڕێی موعجزەی دروستبونی نەوەیەکی نوێ بکەین وەك فریاد ڕەس , لاوان لەئەستێرەیەکی ترەوە دانابەزن بۆناومان , بەڵکو هەر کۆمەلگایەك بەتایبەتمەندی وفۆرم کێشەو کەم وکوڕیەکانی خۆیەوە گەنجان بەرهەم دێنێت , ئەو گەنجەی کۆمەلگای کوردی بەرهەمی دێنێت دێتە سەر ئەو کێشەو گرفتانەی کەلەسەدەکانی ڕابردووەوە کەڵەکە بووە , ئەبێتە خاوەنی ئەو یادەوەریە بریندارەی ئەنفال وهەڵەبجە ژێرخانەکەیەتی . ئەوە دەزگاکانی خێزان و خێل وحیزبی کوردیە کەسایەتی نەوەی نوێی کورد دروست ئەکات بەهەموو باشی و خراپیەکانیەوە .ئەوە دەزگاپەروەردەیەکان وخوێندنگاو زانکۆکانمانە کەسایەتی گەنج ڕەنگ ڕێژئەکەن , کاتێك ئەبینین گەنجێکی خالیە لەفکرو خەیاڵی داهێنەرانە ئەبێت بچین ناو زانکۆو دەزگاپەروەردەییەکانی تر بۆئەم هۆکارە بگەڕێین ,کەدەبینین نالێبوردەیەو تادواڕادە غەرقی شەڕەنگێزیە ئەبێت لەو پەروەردە سەقەتە بپرسینەوە کەهەر بەسزادان مرۆڤ پەروەردە ئەکات , لەسزادانی دایك وباوکەوە تائەگاتە سزادانی مامۆستا. کەواتە کۆمەلگایەك ئەمە حاڵی دەزگاپەروەردەیی و کۆمەلایەتی و سیاسیەکانی بێت چاوەڕێی نەوەی داهێنەر و دەست پێشخەری لێناکرێت . چونکە پەروەردەی سەرکوتکەر گەنجی سەرکوتکراوو ترسنۆك وشەرمن بەرهەم دێنێت. منداڵی کورد بەدەزگایەکدا تێناپەڕێت بەشێوەیەکی تەندروست پەروەردەی کات , ئەوکاتەیش ئەگاتە تەمەنی گەنجی ئەکەوێتە بەر زەبری چەپاندنی بونیادە سیاسی وکۆمەلایەتی و ئاینیەکان , هەمو ئەو هۆکارانەی کەدەشێت مرۆڤ لەقۆناخە جیاجیا کانی تەمەنیدا کەلکی لێوەربگرێت لێرە بەخراپی کار ئەکات , کەواتە گەنجی داهێنەر لەچی دروست ببێت ؟لەکوێدا پەروەردە بێت و لەڕێگای چ ڕێنیشاندەرێکەوە خۆی بناسێتەوە . ئەو زیادەڕۆی کردنە لەنیشان دانی ڕۆڵ وکاریگەری لاوی کوردا بەڕاستی جێگەی گومانە ! چونکە هەرلەسەرەتاوە بوارێکیان بۆنەماوەتەوە تاتواناگەنجێتیەکانی خۆیانی تیا ئەزمون بکەن .

هەمووکۆمەلگایەك حەرام و حەلالی خۆی هەیە , بەڕادەی فراوان بونی سنوری حەرامەکانی هەرکۆمەلگایەك ڕوبەری ئازادیەکانی تەسکتر ئەبێتەوە . ئەگەرباسکردنی هەلومەرجیکۆمەلایەتی وپەروەردەیی ئەوەی نیشان دابین کۆمەلگای ئێمە دەشێت چ جۆرە لاوێك بەرهەم بێنێت , ئەوا پرسیار کردن لەهێڵە سورەکانی کۆمەلگا ئاستی جوڵاندنەوەو هەڵسوکەوتی گەنجانەی ئەم توێژە فراوانەمان نیشان ئەدات , ڕادەی حەرام و تابوکانی - ئاین , سیاسەت , ئەخلاق - مان بۆدیاری ئەکات . چیرۆکی داهاڕینی لاو ئارەزووە سروشتیە مرۆییەکانی لەنێوان بەرداشەکانی ئاین وئەخلاق وسیاسیەتدا بۆخۆی تراژیدیایەکە بەئاسانی لەباس کردن نایەت , کەم نین ئەو لاوانەی بون بەقوربانی گۆڕانکاریە جەستەییەکانی سەرەتایی لاوێتییان , هەمولاوێك سەرەتایی لاوێتی خۆی ئەبێت لەدۆزەخی غەریزە سروشتیەکانیدا بسوتێت .گەنجی کورد بۆئەوەی وەك هەر مرۆڤێکی ئاساییکۆمەلایەتی بێت و بەرد باران و ترۆی ناو کۆمەل نەکرێت , ئەبێت بەوریاییەکی تەواوە سنوری حەرامە کۆنزەرڤاتیفەکانی کۆمەلگا بپارێزێت .لەنێوان پاراستن و شکاندنی شتە بقەکاندا سنورێکی ناسك هەیە , گەر ئارەزوی گەنجانەی وای لێکرد ئەو سنورە ببەزێنێت ئیتر ئەو لەتۆڕی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان ئەکرێتە دەرەوە .

ئێمە پێشتر وتمان دەزگا پەروەردەییەکانی وەك خێزان و خوێندنگا کەم تەرخەمن لەپەروەردەکردنی کەسایەتی لاوێکی سەرکەوتوو . بەلام بەپێچەوانەوە لەڕوی پاراستن وقولکردنەوەی ئەم حەرامانەوە ئەم دەزگانە زۆر چالاك کارئەکەن , لەمنداڵیەوە تازانکۆ مرۆڤێك پەروەردە ئەکەن بترسێت , ترس لەهەموو شتێك , لەجەستەی خۆی , لە هەیبەتی باوکی , لە ناموس وئابڕوی , لە هەرشتێك بۆیەکەم جار ببینێت ,لە هەر پەیوەندیەك بۆی ڕێبکەوێت لەگەل ڕەگەزەکەی بەرامبەری , یان هەرنادیارێك کەئەو خەیاڵی چاوەڕوانکردنی نەبووە ...هتد . ئەم دەزگانە بەڕادەی بێکەلکیان لەدروستکردنی مرۆڤێکی ئاسایدا چالاکن بۆشەرمن کردن وترساندن وسەرکوتکردنی

مرۆڤـی کـورد . هەربۆیـە ئـارەزوی سـەرکوتکراوی یـاخی بـون لەلاوانـدا ناگاتـە ئاسـتی کـەماڵی خـۆی و لەناخـەوە ئـەخنکێت .توانـای داهێنەرانەیان هەروا بەبێ هیچ ئەڕوات بێ ئەوەی کەڵکی لێوەربگیرێت . دواجار لاوانیش یان ئەوەتا دەست لەگەنجێی خۆیان هەڵئەگرن وتەسلیمی عەقڵیەتی باوکەکان ئەبن , یان ئەوەتا لەگۆمی ساردی نائومێدیدا ئەکوژێنەوە .

کاردانەوەکانی نەوەی نوێ : ئەوەی نیشانمان دا بەشێکی ئـەو حەرامانـەبوو کـە کۆمـەڵگا بەسـەرلاواندا سـەپاندویەتی , بێگومـان دەیـان ڕێگری تری گەنج بون هـەن لەکایـە جیاجیاکـانی کۆمـەڵگادا کەهەنـدێك جار زۆرکوشـندە تـر لەحەرامـەدیارو بەرچاوەکان سنورەکانی ژیانیان لەلاوان تەسکتر کردۆتەوە . لێرەدا جێی خۆیەتی بپرسین ئەی لاوان چ کاردانەوەیەکیان هەبووە بەرامبەر ئەم دۆخە ناهەموارە ؟ لاوان دەیانتوانی چی بکەن و بەڵام نەیان کرد ؟ گرەوی یاخی بون لای نەوەی نوێ تاچ ڕادەیـەك چانسی سـەرکەوتنی هـەبوو ؟بۆچـی ئێمە بەدرێژای دەیەی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو هیچ هەڵمەتێکمان لەلاوان نەدی . ؟ بۆئەوەی بەدوای ئەو جۆرە وەڵامانـەدا بگـەڕێین کەبەئاسانی ببێتە جێگەی کۆدەنگی هەموولایەکمان , زۆردور ناکەوینەوە لە دەرکەوتنە سیاسی وکۆمەڵایەتیەکانی ئەم دواییـەی توێـژی لاوان لە کۆمەڵگای کوردیدا , چونکە ئـەوەی مەبەسـتە لێـرەدا کارکردنـە لەسـەر چـەند دیاردەیـەك وەك نمونـەی ڕەوشـێکی فـراوانتر .

ساڵانی دوای ڕاپەڕین بێدەنگ ترین وکپ ترین و سڕ تـرین ماوەیەکە لەتەمـەنی گـەنجی کوردا , ئەگـەر ماوەکانی پێشتر گـەنجی کـورد کەرەستەیەکی خاوی شۆڕش وسەرهەڵدانە سیاسیەکان بوبێت , ئەگـەر ململانێـی ئایـدۆلۆژی و سـەختگیری سیاسـی تایبـەت مەنـدی لاوە ئەکتیڤەکانی پێشتر بوبێت , ئەوا نەوەی نوێ بەتەواوی دامردەوە لەو بزوتن وکەف وکوڵەی کەهەشـتاکان وحـەفتاکانی سـەدەی ڕابـردوو لاوی کوردی چالاك کردبـوو . دیارە ئـەوە ئاشکرایە بارودۆخـە سیاسـیەکەی ئـەوکات ئـەو بزوتنـەوە چالاکەی دروسـتکردبوو , واقعـی داگیرکراوی کوردستان و دڕندەیی بەعس ئەو کاردانەوە چالاکانەی هێنابووە ئارا , بەڵام ڕاپەڕین ئەم چالاکیەی گەنجی کوردی خنکانـد , هەرچەندە پەراوێزێکی ئازادی وای دروست کرد کەهەمووگەنجێك بتوانێت کەم تا زۆر بێ ترس ڕۆڵی گەنجانەی خۆی بگێڕێت , کەچی دوای ڕاپەڕین بەپێچەوانەوە نائومێدیەکی خامۆش بووە سیمای دیاری گەنج , لەکاتێکدازۆر مەسەلەی کۆمەڵایەتی وسیاسی نوێ وگـرنگ هـەبوو کەبـەردەوام هـەر پێویسـتی بەبەشـداری چـالاکانەی لاوان بـوو , کەچـی لاوان زۆر بەئاسـانی ئـەوەیان قبـوڵکرد بـبن بەبەشـێك لەپرۆژەی شەڕی ناوخۆ ,ببن بەبەشێك لەو کێشانەی کەبەڕاستی کێشەی ئەوان نەبوو ئەوەندەی کە کێشەی نەوەکانی پێشترو ناکۆکیـان بوو لەسەر دەسڵات و دابەشکردنی سامانی ئەم وڵاتە .

هەرچەندە ئەم سست بونە بووە خاڵێکی نێگەتیف بۆ جیابونەوەیەکی چۆنایەتی نـەوەی نـوێ لەنـەوە کۆنـەکان , بـەڵام لەلایەنـە کـانی تری ژیانەوە نەوەی نوێ کەمترین گۆڕانی تیادروست بوو , لەکاتێکدا زەمینەی زۆرتـرین گـۆڕانی لەبـەر دەسـتدا بـوو بـەهۆی ئـەو هـەمو گۆڕانـە سیاسـی وکۆمەڵایـەتی وئابوریـەی کوردسـتانی ئـەم ماوەیـەی لەسـەر دەمـەکانی پێشـتر جیائـەکردەوە , لـەزۆر ڕووەوە نـەوەی‌نوێ بەشـێوەیەکی حـەرفی کێشـەو کـەم وکوڕیـەکانی نەوەکۆنـەکانی هـەر هـەڵگرتبوو : لەشـەڕی نـاوخۆوە بۆئـەو جنێـو بـازی وناوونـاتۆرە دروستکردنەی کەئەمرۆ لەهەندێك ماڵپەڕی کوردیدا گەیشتۆتە ترۆپکی بۆگەنی .ئەبوایە نەوەی نـوێ بۆکێشـە هاوچـەرخەکانی خـۆی و لەناوگرفتەکانی ڕۆژگاری خۆیدا بژیایەو بیری بکردایەتەوە نەك پاسیڤانە سەیری چارەسەریە سواوەکانی نەوە کانی پێشتری بکردایـە , یان لەبازنەی گرفتەکانی ئەواندا بخولایەتەوە . بەدرێژایی ئەم ساڵانەی دوایی نەوەی نوێ وەك نەوەیەکی خـاوەن پـرۆژەو هۆشـیاری و خـەیاڵێکی تایبـەت و جیـاواز لەنـەوەکانی پێشـتر لـەدەرەوەی مێـژوی ئـەم قۆناخـە گرنگـەی کۆمـەڵگای کـوردی بـووە . ئـەم نەوەیـە زیاترگوێڕایـەڵی بڕیـار جێبـەجێکردن بـوون نـەك خولیـای بڕیـار دەرکـردن , هەمیشـە هـەر نوێنەرایـەتی نـەوەکانی پێشـتر و ڕوخسـارە جیاوازەکانی باوکەکانی کردووە , نەك ئەوەی بیەوێت خۆی بنوێنێت لەگۆڕەپانەکەدا وەك هێزێکی چالاك و خـاوەن دەسـت پێشـخەری .

دیارە لەم ماوەیەداو لەناو ئەم دۆخە تاڵەدا هەندێك دەنگ و هەوڵی داهێنەرانەی زیرەك هەیـە بـەڵام ئەمانـە زیـاتر ئـەچنە چواچێوەی هەوڵی تاکـە کەسـیەوە , یـان گرووپـی زۆر بچوکەوە , ناکرێـت ئێمـە بیانکەینـە نوێنـەری نەوەیـەکی کۆمەڵایـەتی کەلەهـەمو حاڵەتێکدا توێژێکی بەرفراوانی کۆمەڵ پێك دێنێت , ئێمە کەباسی نەوەیەك ئەکەین مەبەستمان حاڵـەتێکی گشتیە کەبـەتاك وتـەرا تـەعبیری لـێ ناکرێت , نەوەیەك بۆئەوەی بەئەرکە مێژوییەکەی خۆی هەستێت پێویستی بەخرۆشانی جەماوەری و خۆڕێکخستنی دامەزراوەی هەیـە , پێویسـتی بەهۆشـیاریەکی زینـدو هەیـە کەلەڕێگەیـەوە بتوانێـت مانـای تـازەو تێگەیشـتنی تـازە ببەخشـێتە ئـەو چـەمك ودیاردانـەی کەمانەوەیان وەك خۆی خزمەت بەدروست بونی کولتورێکی نوێی گەنجانە ناکات . یان وەك ئەوەی بەختیار عەلی ئـەڵێت " نـەوەی نـوێ پێویستی بەتوانای سەرسام کردن هەیە " (1) پێویستی بەداهێنانی کولتورو زمان وسەلیقەو زەوقی جیـاواز ی خـۆی هەیـە کـەبێگومان ئەمە لەدەرەوەی توانا سنوردارەکانی تاکەکەسە .

تەنها كاردانەوەیەكی لاوان بەرامبەر ئەو بارو دۆخە ی ئەم سالأنەی دوایی كۆچكردن بوو , لەوانەیە ئەم كاردانەوە بە دواهەنگاوی بێهەلۆێستی لاوان دابنرێت , یان دواكردەی تەسلیم بون و ڕازی بون بێت بەبێ ڕۆڵی , گەر هەموو ئەو ناولێنانە سلبیانەیش قبوڵ بكەین ئەوا ئەم تەسلیم بونە تەنها هەنگاوی یاخیبونێكی گەنجانەیە , یاخی بونی كەسێك زیاتر لەواقعەكە هەڵبێت نەك ڕوبەڕوی ڕاوەستێت . هەتا چركەی كۆچكردنیش گەنجی ئێمە بێدەنگە ,كاتێك كۆچ ئەكات بۆئەوە نیە ئەو بێدەنگیە بشكێنێت , بەڵكو ئەیەوێت جارێكی تر لەو بێدەنگیە هەڵبێت , چیرۆكی ئەم گەنجە ملكەچیەكی كوشندەیە لەنێو خێزانێكی دلڕەقدا , وەختێك توانای قبولكردنی مل كەچیەكەی نامێنێت ماڵ جێ ئەهێڵێت و ڕائەكات لەواقعەكە نەك ئەوەی بییەوێت ڕوبەڕوی ببێتەوە .

دوای ڕوخانی بەعس : كۆتای هاتنی دەسلأتی سەدام حسێن گاریگەریەكیگەورە لەسەر زۆر لایەنی ژیانی ئێستاو داهاتووی كۆمەلگای ئێمە دائەنێت , بڕوام وایە ڕوخانی دیواری بەرلین و بیرۆستۆریكای گورباچۆف چەندە دەورو نەخشی هەبوو لەسەر گۆڕانەكانی 15 ساڵی ڕابردووی ژیانی میللەتانی ئەوروپای خۆرهەلأت , ڕوخانی سەدامیش بەلای ئێمەوە لەوە كەمتر نابێت . هەر تەنها كارگەریە سایكۆلۆژیەكانی شكاندنی پەیكەرەكەی سەدام لە ( گۆڕەپانی فیردەوس ) بەبەرچاوی دەزگاكانی ڕاگەیاندنەوە هەلئەگرێت تادەیان ساڵی تریش لەكایگەریە سایكۆلۆژیەكانی بكۆلرێتەوە , ئەو شوێنەوارانە نیشانبدرێت كەئاماژە ڕەمزیەكانی ئەو شكاندنە لەخەیاڵ و زهنی خەلكی ئەم ولأتەدا جێی هێشتووە , بەلەبەر چاوگرتنی ئەوترس و تارماییەی كاریزماو سەرۆكەكان بەگشتی و كەسایەتی سەدام بەتایبەتی لای تاكی كوردو عیراقیش بە گشتی هەیەتی . لەدوای ئەم ڕوداوە مەزنە مێژوویەوە جموجوڵی لاوی كورد ئاراستەیەكی تری وەرگرت , دیاردەی چالاكی لاوان لەدەرەوەی حیزبە باڵادەستەكان و ڕێكخراوە كارتۆنیەكانیان لەهەندێك شوێن هەستی پێئەكرێت , خۆنیشاندانی خوێندكاران لەدژی زانكۆی ئایندەو , دروست بونی چالاكی و ڕێكخراوی گەنجانە لەهەندێك شارو شارۆچكە , بەم دواییانەیش خۆنیشاندانی خەلكی كەلار بەسەرپەرشتی دووڕێكخراوی گەنجانە نمونەی سەرەتایەكی گەشن لەچالاكی لاوانە , سەرەتایەك بەئیرادەو خواست و داوای گەنجانەوە كەدوورنیە لەئایندەیەكی نزیكدا بتوانن ئەو هێزە گۆڕانخوازە پێك بێنن كەماوەیەكی زۆرە لەولأتی ئێمە دا خەونیان پێوە ئەبینرێت .

كێ بەر پرسە ؟: ئەم پرسیارە ساكارە گرفت ئامێزە وەلأمی پڕئیشكالیەت بەدوای خۆیدا ئەهێنێت .ئایا نەوەی نویٚخۆی بەرپرسە لەم بێكاریگەریەی كە سڕی ودەستەوەستانی ئەم ماوەی تەمەنی دروستی كرد ؟ یاخود نەوە كانی پێشتر هەمو بوارەكانیان مۆنۆپۆل كردوەو دەرفەتی هەر جولأنەوەیەكی گەنجانەیان لەكۆمەلگادا نەهێشتۆتەوە . بۆچونێك هەیە ئەلێت : بونیادە كۆمەلایەتی و ئابوری و كولتوری وسیاسیەكان زەمینەی گۆڕانكاری خۆش ئەكەن , نەك ئەوەی ( خود ) بەمانا بونیادگەریەكەی , یان بكەرە كۆمەلأیەتیەكان توانای هەیە ئەو بونیادانە ناچاری گۆڕان بكات ,گەر دینامیكیەتێك لەناو بونیادە شاراوەكانەوە دروست نەبێت مەحالە هیچ گۆڕانێك ڕوبدات تەنها بەهۆی بونی ئیرادەیەكی گۆڕانخوازەوە , یان خودێكی ئیرادەگەرەوە . كەواتە بەپێی ئەم لۆژیكە ئەبێت بلێین ئەوە لاوازی وسستی كۆمەلگای كوردیە نەوەیەكی وابێكاریگەری و بێ توانای دەستپێشخەری دروستكردووە . لاوان لەمەریخەوە دانابەزنە ناوكۆمەلگاوە , بەلكو ئەنجامێكی سروشتی ئەو بونیادە كۆمەلأیەتی وسیاسی وكولتوری وئاینیانەی كۆمەلگاخۆیەتی . ئەوە كۆمەلگایەكی داخراوە توانای بەرهەم هێنانی نەوەیەكی چالاكی نیە .

ئەم تیۆرە لەوە ناچێت لەنیوەی ڕاستیەكان زیاترمان پێ بلێت .بێگومان نیوەكەی تری لای بێتوانایی و بێئیرادەیی لاوان خۆیانە , ئەكرا ئەوان گەلێك هەنگاوی پێویست بنێن كەچی نەیان كرد , دەبوایە جۆرێك لەشكۆی گەنجانەیان دروست بكردایە كە هەموونەوەیەك پێویستی پێیەتی بۆئەوەی بیكاتە بەشێك لەمێژوییەكی پرشنگداربۆخۆی كەچی شتێكی وامان لێ نەبینین . ئەو سەردەمە نوێیەی ئەم نەوەی تیا ژیا خۆی سەردەمی وەرچەرخانە گەورەكانی جیهان بوو , سەردەمی گۆڕانی خێراو جێلەق بونی هەمووسەقامگیریەكان بوو , لەم سالأنەی دوایدا كوردستانیش بەدەیان ڕیشاڵەوە بەسترا بەو گۆڕانە گەورانەی جیهانەوە . ئەو پرۆسەی ناونرا ( جیهان گیری ) Globalization وهەندێك ئەلێن دنیای گۆڕی بۆگوندێكی گەردونی بچوكی ئەلكترۆنی , بڕێكی زۆری سەختی وقورسی ئەو سنورانەی سڕیەوە كەلۆكالێیەتی كوردستانی لەگەردونیەتی جیهان دابڕی بوو . جیهانگیری وەك ئەوەی عەلی حەرب ئەلێت ... " ئێمە لەبەر دەم كۆمەلێك توانای تازەداین بۆژیان و بون ,كەبەشێوەیەكی كەم وێنە هەلئەقولێت ,ئەمە نەك هەر لەبەجیهانی كردنی بازاڕو شارو سیاسەتەوە دێت ,بەلكو بەجیهانی كردنی (من)یشی لێوە دەركەوتووە , ئەو ( من )ە ی كەهەلگری دەلالەتێكەو دروستكەری مانایەكەو بەرهەمهێنەری ڕۆشنبیریەك ومەعریفەیەكی تایبەتە . ئێستا مرۆڤ بەجۆرێك بەجیهانی ئەبێت كەشوناسەكەی لەگەلێدا ئەبێتە ئەفسانەیەك " {3}

کەواتە لەم جیهانە نوێیەدا کەتوانای کارلێکردن وئاڵوگۆڕی کولتورە جیاوازەکان تائەو پەڕی زیادی کردووە , ئەوەی نوێ بۆنەیتوانی وەك پێویست کەڵکی لێوەر بگرێت , ئەوان کوڕی ڕۆژگاری وەرچەرخانە گەورەکان بون , بەڵام شوێن دەستیان لەهیچ گۆڕانێکی گرنگی کۆمەڵایەتیدا دیارنیە , حکایەتی ئەم نەوە وەك حکایەتی ئەو باڵندە دیلە وایە کەمانەوەی هەمووتەمەنی لەناوقەفەسەکەدا توانانی فڕین لەباڵەکانیا ناهێڵێت , دواجار کەدەرگای قەفەسەکەی لێئەکرێتەوە ناتوانێت بفڕێت , گەنجی کوردیش تائێستا سڕی و خامۆشی ساڵانی ڕابردوی بەری نەداوە , بۆیە دەبینین چۆن بومە لەرزەکانی جیهانگیریش ناتوانێت بێداریکاتەوە و بیهەژێنێت .
ئەوجولانەوە تازەی ئەمڕۆ لەهەندێك شاردا دەرکەوتووە ئەگەری سەرەتای بزوتنەوەیەکی گەنجانەی چالاکی لەگەڵ خۆیدا هەلگرتووە , دروست بونی ئەم بزوتنەوە چالاکە , یان ئاوابونی و هیچ لێ سەوزنەبونی پابەندی ئەو هەولانەیە کەلە ئەکتیڤیستەکانی ئەم بزوتنەوانە خۆیانەوە ئەیبینین .

.................................................................................................................................

تێبینی / لەڤیستیڤاڵی ساڵانەی سەنتەری چالاکی گەنجانی کەلاردا لە 2005/12/20 بەکۆڕێك ئەم بابەتە پێشکەش کراوە .

1- بڕوانە پەیجی تایبەتی نوسەر لەماڵپەڕی www.Rahand.com

2- علی حرب –حدیپ النهایت :فتوحات العولە ومأزق الهویە /گبعە الاولی2000 / مرکز الپقافی العربی / ص 106